هەرش کرایە سەر ئامانجەکی گرووپی چەکدارانی تەحریر شام لە سووریا

حکومەتی ڕزگاری سوریا، کە سەر بە دەستەی تەحریر شام (بەرەی نوسرە) پێشوو، ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند چەکداران هەرشیان کردووەتە سەر پێگەیەکی هێزەکانیان، جگە لە دوو هەرشی دیکە کە زیندانی سەرەدێیان بە ئامانج گرت لە شارچکەی دانا.

ئەم هەرشانە هاوکاتە لەگەڵ خێپیشاندانی بەرفراوان لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تەحریر شام، خێپیشاندەرانیش لەلایەن دەستەی تەحریر شامەوە بە بیانووی پاراستنی ئاسایش و ئارامی ناوچەکە دەستگیر دەکرێن.

سەرچاوەیەکی کارگێڕی لە دەزگای ئەمنی سەر بە تەحریر شام ڕایگەیاند، چەکدارە نەناسراوەکان گرێکی دەزگای ئەمنییان کردە ئامانج، کاتێک لە شارچکەی حەرەمەوە بەرەو سەلقینی ڕۆژئاوای پارێزگای ئیدلب دەگەیشتن، هەرشەکەش بووە هۆی بریندارببوونی دوو ئەندام.